کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:23:42 28-4-2007

## به ناوی کوردستانی گەورە .

**soransa@hotmail.com**

تاران - 2/6/ 2707

### وشە تورکیەکانی نێو زمانی کوردی ... ح. س. سۆران

بەو رۆژگارە هەر باسی وشە بیانیەکان لە زمانی کوردی دا، دەکەین . بە تایبەت ئەم شتە بۆ زمانی عارەبی و فارسی، بوەتە بنێشکە خۆشکەی سەر زمانان و بە تاڵووکە قسە لە بژار کردنیان دەکرێ .

بەڵام کەمتر ئاماژاە بە وشە تورکیەکانی نێو زمانی کوردی دەکرێ و زۆر کەس پێی وایە، کە شتێکی وا هەر نیە یا ئەگەر بشبێ، زۆر لە رادەیەکی کەم دایە .

دیارە کورد بە مسقاڵ شێڤێنیست و رەگەز پەرەست نیە و سەلماندویەتی رێز بۆ هەمو فەرهەنگ و زمانان دادەنێ و بە شانازیشی دەزانێ . بەڵام ئەمە نابێتە هۆ بۆ ئەوەی کە لە زمانەکەمان نەڕوانینەوە و ئەگەر پێویستی بو بژاری نەکەین . ئەمە مافی خۆمانە و سووچ و شوورەییش نیە .
دەش زانین کە هیچ زمانێک تەواو لە وشەی بیانی خاڵی نیە و ئەم وشە قەرز کردن و قەرز دانە، لە تەواوی زمانگەلی زیندوی جیهانیش دا هەیە و بە زەڵلە و ئیراد نازانرێ . بەڵام لێرەدا ، سەبارەت بە تێکەڵی زمانی کوردی لە گەڵ زمانگەلی دیکە، پێویستە بەم خاڵە سەرەکیانە ئاماژە بکەین :

1- وشە فارسیە کانی نێو زمانی کوردی، لە راستی دا وشە کوردیە کانی نێو زمانی فارسین، یانی لە زمانی کوردیەوە چوونەتە نێو زمانی فارسی و بژار و شتیان پێویست نیە و وشەی خۆماڵی و رەسەنی خۆمانن ، چون زمانی کوردی، برا گەورەی زمانی فارسیە و لە فارسیش کۆنترە، وەک وشەی ( یەک )، ( دەست ) و ( پا ) و هەزاران وشەی دی .

2- وشە عارەبیە کان، کە یەکجرا زۆرن، بە هۆی تێزەی نووکی رمی رامیاری و ئایین بە زۆرە ملێ خراونەتە نێو زمانی کوردی و لە باری زمانە وانیشەوە هیچ خزمایەتیەکیان لەگەڵ یەک نیە و دەزانین، زۆر لە مێژە دەست کراوە بە بژار کردنیان، کە هەوڵ هەنگاو دەرنانی 6 پیتە عارەبیەکە بو ، لە زمانی کوردی و ئەم بژارە هەر درێژەی هەیە ،

وەک وشەی ( ئیعتیادی )، فەحس ) و ئیجابی ) و هەزاران وشەی دیەک .

3- وشە تورکیەکان، کە زۆر کەمترن، زۆرتر بە زەبری رمی رامیاری سەردەمی عوسمانی، کوتراونەتە نێو زمانی کوردی و وا تێکەڵ بوون، دەبێ بە وردی بیان ناسینەوە و بژار بکرێن . بو وێنە نازانم دەزانن یا خەیر ئەم وشانە تورکین : ( کوێرپە = منداڵی ساوا و کۆرپە ) ؛ ( قەبرغە - تەنیشت ) ؛( یاسا = زاکوون = قانوون ) ؛ ( قاپ = کاسە ) ؛ ( دەستەڵات = حکوومەت ) ؛ ( بەختەوەر = خۆشبەخت ) ؛ ( بێشکە = لانک ) ؛ ( ئەرک = وەزیفە ) ؛ ئیش = کار ) ؛ ( تووک = مو ) ؛ ( دۆڵدرمە = بەستەنی ) ؛ ( ئاڵش وێرش = سەودا ) ؛ ( پارە = پووڵ ) ؛ قاوت = قاوت ) ؛ ( قاورمە = قاورمە ) ؛ (قەرە = گوندنشینی بێ زەوی ) ؛ ( جووت = جووت و گا ) ؛ ( تەشی = تەشی ) ؛ (قەرەچێ = قەرەچێ ) ؛ ( گامێش = گامێش ) ؛ ( قەمیش = قامیش ) ؛ { کەردی = کەردو ) ؛ ( قەنەو = قاناو ) ؛ و ... .

لە لایەکی یکەشەوە کاتی زو، تورکەکان ناوی زۆر شار، گوند ، گەڕەک، چۆم و جیگەکانی کوردستانیان کردوە بە تورکی، کە هی وەک ئەردۆغان و عەبدوڵڵا درو، لە پاشان تەشقڵەی پێ بکەن و بڵێن بەشێکن لە تورکستان، وەک تورکمان کەندی، شاری کەند ، داشبەند و ...

رەنگە وا باش بێ، کەسێک کە زمانە وانە، زمانی تورکی و کوردی باش دەزانێ و کاتی هەیە، کتێبێ بنووسێ بە ناوی " وشە تورکیەکانی، نێو زمانی کوردی " ، تا ئەم شتە تەواو روون ببێتەوە و پریاری بۆ بدرێ .